

# پێچە نەریتێکە هێشتا لەئاکرێ ئاسەواری ماوە



پەیامنێرانی گوڵان لە ئاکرێ

دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە ڕووی پۆشینی جلوبەرگەوە ئەگەر بە تەواویش لە یەك نەچن ئەوا تا ڕادەیەکی زۆر لێك نزیکن و زۆر لایەنی هاوبەشیان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەر دەڤەرێکی ئەم کوردستانە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دابونەریت و شێوەی پۆشینی جلوبەرگ، هەندێك لەم دابونەریتانە بە تەواوی مۆرکی کوردییان پێوە دیارە و جوانی و تایبەتمەندییەك دەبەخشن بە تاکەکان بەتایبەتیش ئافرەتان، لە بەرامبەردا هەندێك دابونەریت هەیە کە ڕەنگە ئەگەر بڵێین کوردی نییەو بە تێپەڕبوونی زەمەن لە نەتەوەکانی ترەوە بۆمان ماوەتەوە دوور نارۆین، لەم سەردانە مەیدانییەدا بۆ شاری ئاکرێ هەوڵماندا بزانین هۆکاری پۆشینی پێچە یان (خێلی) چییە و بۆچی بەردەوامە و ئایا سەپێنراوە بەسەر ئەو کەسانە یان بە ویست و حەزی خۆیان دەیپۆشن.







### تەنیا بۆ بازار پێچە دەپۆشم

شلێر کچێکی تەمەنی ١٨ ساڵە لە تەمەنێکی بچووکەوە ئەو پێچەیە دادەنێ کە (خێڵی)ی پێدەڵێن و تەنیا وەکو نەریتێك فێر بووە، شلێر دەڵێت» ئێمە لە باب و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە، بەڵام ئێستا تەنیا بۆ بازاڕ بەکاری دەهێنین، زۆریش بەلامەوە باشە و بەهیچ شێوەیەك ئامادە نین ئەو نەریتە لە ناو ئاکرێ بسڕدرێتەوە، **ئێمەی ئافرەتەکان خۆمان ئارەزووی دانانی پێچە دەکەین بەبێ ئەوە پیاوەکان پێمان بڵێن یان بەسەرمانی بسەپێنن.**

دواتر ئافرەتێکی تەمەن ٣٥ ساڵانە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەبارەی پێچەوە وتی « من نزیکەی ٢٥ و پێنج ساڵە پێچە دەپۆشم، دانانی پێچە هەر لە کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە لە کەلتوور و دابونەریتی ئاکرێیە ئێستاش دایدەنێین بۆ ئەوەی کەس لە بازاڕ نەماننناسێتەوە، هەروەها بۆ شاردنەوەی سیما و روخسارمان .چونکە لەوانەیە رۆژانە دووجار بێینە بازاڕ بۆیە پێمان شەرمەو داینەنێین بەشێوەیەکی گشتی ناتوانم نەیپۆشم.

### خێزانەکەم بەردەوام رووخساری دادەپۆشێت

بەیتوڵا ئیسماعیل ئەو پیاوەی ١٥ ساڵە لە بازاڕی ئاکرێ کەلوپەلی ئافرەتان دەفرۆشێت وەکو عەبا و خیلیەکان دەڵێت» جۆری قوماشی ئەو پێچە تایبەتە،دوو جۆری سەرەکی هەیە یەکێکیان قوماشەکەی زۆر تەنکە ئافرەتان روخساریان لەژێرییەوە دەردەکەوێ، جۆرێکی تری قوماشەکە ئەستوورە بەجۆرێك بە هیچ شێوەیەك رووخساری ئافرەت لەژێرییەوە دیارنییە، نرخەکەشی زۆر گونجاوە لە (دوو هەزار هەیە تا دەگاتە دە هەزار دینار)، ئەو پیاوە لە بارەی تەمەنی ئەو ئافرەتانەوە کە پێچە بەکاردێنن دەڵێت» هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە ئافرەتانی ناو ئاکرێ خۆیان پێچە بەکاردێنن، چونکە ئەوانەی دێن پێچە دەکڕن، تەنیا ئەو ئافرەتانەن کە لەناو ئاکرێ دەژین، ئەوانەی دەوروبەر بەکاری ناهێنن، هەروەها بە ئارەزووی خۆشیانە بەبێ ئەوەی پیاوەکان پێیان بڵێن، بۆ نموونە ئێستا هاوسەرەکەم یەکێکە لەو ئافرەتانەی بەردەوام رووخساری دادەپۆشێت کەچی هەرگیز من پێم نەوتوو پێچە بەکار بێنێت یان نا .»

هەرسەبارەت بە پۆشینی پێچە مام رەمەزان ئیسماعیل لە دایك بووی ١٩٣٨ خاوەن دوکانە لە بازاڕی ئاکرێ ئێستا کچەکانی ئەو پێچە ناپۆشن، مام رەمەزان



بەیتوڵا ئیسماعیل:

**ئێستا هاوسەرەکەم یەکێکە لەو ئافرەتانەی بەردەوام رووخساری دادەپۆشێت کەچی هەرگیز من پێم نەوتووە پێچە بەکار بێنێت یان نا**



رەمەزان ئیسماعیل:

**پیاوان زۆر لە ئافرەتەکان ناکەن بۆ پۆشینی پەچە بەڵام ئافرەتان خۆیان حەز دەکەن جوانی خۆیان بشارنەوە**





دەڵێت» لە ساڵانی چلەکان ئاکرێ خێڵی زۆر تێدابوو، هاتنی ئافرەتان بۆ بازاڕ زۆر کەم بوو و تا ڕادەیەك عەیب بوو ئافرەت بێتە بازاڕەوە، ئەو کات ئەگەر ئافرەت بهاتبوایە دەرەوە دەبوایە پێچە بپۆشێت و دەتوانم بڵێم بە زۆری بۆ ئەوە بوو، نەیناسنەوە تا کەسانی سەر بە هۆزەکانی تر نەیبینن، جوانی خۆی بە پێچە دەشاردەوە، لە ساڵانی چلەکان وپەنجاکان ئاکرێ بەو شێوەیە بوو، دواى ئەوە **پیاوەکان زۆریان لە ئافرەتەکان نەدەکرد و بە ویستی خۆیان پێچەیان دەپۆشی،تاکو ئێستاش بەشێکی ئافرەتان بەردەوام ئەم پێچەیە دەپۆشن بۆ ئەوەی جوانی خۆیان بشارنەوە.**

**نازانم هۆکاری پۆشینی پێچە چییە؟**

دڵبین ئافرەتێکی تەمەن ٣٥ ساڵە و خاوەن ٤ منداڵە هەر لە تەمەنی بچوکییەوە پەیوەستە بەم نەریتەوەو فەرزبووە جێبەجێی بکات زیاتریش بە مەبەستی ئەوە بووە جوانی خۆی بپارێزی ئەو ئافرەتە دەڵێت» **ئێمەی ئافرەتانی ئاکرێ ئەو پێچەیە دادەنێین و هۆکارەکەشی نازانم چییە،** پێموایە تەنیا دەزانم نەریتە ئەگەر داینەپۆشم زۆر شەرم دەکەم لە بازاڕ، بەڵام ئێستا تەنیا بۆ بازاڕ دەیپۆشم بۆ شوێنەکانی تر بەجلی مۆدەوە دەچم، لەتەمەنی ١٤ ساڵییەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەبێ ئەوەی پیاوەکەم یان باوکم یان برام زۆرم لێبکەم من بەکاری دەهێنم.

**پۆشینی پێچە بۆپاراستنی ئافرەتە**

شیلان ئافرەتێکی تەمەن ٢٥ ساڵە وخاوەن دوو منداڵە ئەو ئافرەتە ٧ ساڵە لە ئاکرێ دەژی پێشتر لە یەکێك لە گوندەکانی نزیك ئاکرێ ژیاوە لەو



**مامۆستا خالید حاجی خدر:**

**من حەقم بە سەر خێزان و کچەکانمەوە نییە و خۆیان بەکاری ناهێنن و حەزیان لەو دابونەریتە نییە ئەو دابونەریتەش بەرەو لاوازی دەچێت**

کاتەی کە هاتۆتە ناو ئاکرێ ئەویش وەکو ئافرەتەکانی ئەو شوێنە بەبێ ئەوەی مێردی پێی بڵێت پێچە بەکاردێنێت و دەڵێت»ئێمە بۆ بازاڕ ئەوە دەپۆشین، چونکە بازاڕەکە زۆر بچووکە بۆ ئەوەی کەس نەماننناسێتەوە، هەروەها هەندێك جار دەیگەڕێننەوە بۆ لایەنی ئاینیش»

**سەرهەڵدانی پێچە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی دەرەبەگەکان**

مامۆستا خالید حاجی خدر لە گەڕەکی گورەڤای ئاکرێ دادەنیشێت و مامۆستای زمانی کوردییە ئێستا خانەنشین کراوە چەندین کتێبی لەسەر مێژووی ئاکرێ هەیە و٣٦ساڵە خزمەت بەو دەڤەرە دەکات و دەڵێت» خێلی هەر لە کۆنەوە ئافرەتەکانی ئێمە بەکاریان هێناوە وڕووخساری خۆیان داپۆشیوە ئەویش بۆ شاردنەوەی ڕووخساریانە لە کەسانی تر و لەبەرچاو نەبن، ئەو مامۆستایە لە بارەی کچەکانی خۆیەوە دەڵێت» من هیچ پێوەندیم پێیانەوە نییە، بۆخۆیان بەکاری دەهێنن و حەزیان لەو داب و نەریتەیە، بەڵام زۆربەی کاتیش بەکاری ناهێنن، چونکە ئەو نەریتە بەرەو لاواز بوون دەچێت .

# کوڕان لاسایی کچان دەکەنەوە

***

**لەو سەردەمەی ئێستاماندا چەندین جۆرە مۆدیل و ستایلی ڕێکخستنی قژ و ڕووخسار بۆ کچان و کوڕان هەیە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێش بێت کۆمەڵێك لە کوڕانن کە جۆرە ستایلێك بەکاردێنن، پیاندەوترێت لاساییکەرانی کچان،لەگەڵ ئەوەشەدا بەردەوام بەرەنگاری توانجی کۆمەڵگاو خێزان دەبنەوە.**

***

**پێمدەڵێن (دادە)**

هۆشنگ ڕەحیم گەنجێکی تەمەن ١٧ساڵانە، خوێندکاری دواناوەندییە قژی تا سەر شانی هێشتۆتەوە، برۆکانی چاك کردوە وەکو خۆی باسی دەکات تائەو کاتەی دەوامی قوتابخانەی هەبوو بەردەوام کێشەی لەگەڵ مامۆستاکانی هەبووە، ئێستاش لە ماڵەوە دەکەوێتە بەرتوانجی خێزانەکەی و پێیدەڵین (دادە) واتە شێوەی لە کچ دەچێت، بەڵام ئەو گەنجە زۆر بەلایەوە سەیرە کە توانجی لێبدرێت یان پێی بڵێن شێوەت لەکچ دەچێت، لەم بارەوە دەڵێت: چونکە ئەو شێوازەی من بەکارم هێناوە لە ڕووخسار و ڕێکخستنی قژمدا لە هەموو دنیا هەر ئەو جۆرە مۆدێلە بەکار دەهێنرێت و شێوازێکی سەردەمانەو گەنجانەیە بۆیە منیش وەکو گەنجێك حەزم لە مۆدیلی جیهانیە..

**کوڕان داوای مکیاژی کاڵ دەکەن**

ڕێژوان شەفیق گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵەو خاوەنی دوکانەو کەلوپەلی جوانکاری ئافرەتان دەفرۆشێت و خۆشی جوانکارییەکانی وەکو ملوانکەو بازن و بەکاردێنێت و دەڵێت: ڕاستە کوڕی ئێستا زۆربەیان مکیاژ بەکاردەهێنن و من خۆم خاوەن دوکانی فرۆشتنی کەلو پەلی جوانکاریم، زۆربەی کوڕە هاوڕێیەکانم هەندێك لەمکیاژی ڕەنگ کاڵم لێ داوا دەکەن تا بۆیان ببەم، تەنیا بۆ خۆ ڕازاندنەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم زۆر ئارەزووم لە بەکارهێنانی ملوانکەو بازنە، ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو کوڕێك لاسایی کچان دەکاتەوە یان مەبەستی ترمان هەبێت، بەڵام ئەوە بۆ خۆ جوانکردنەو مافی خۆمانەو هەموو مرۆڤێکیش سەرەتایترین مافی خۆ جوانکردنیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کچی ئەو سەردەمە کوڕی مۆدێرنی دەوێ..

**کوڕێکم پێ جوانە کەسایەتی بەرز بێت**

ئیمان عوسمان کچێکی تەمەن ١٨ ساڵانەیە، خوێندکارە لە دواناوەندی، پێیوایە ئەو کوڕانەی لاسایی کچان دەکەنەوە ئەوا کەسایەتییان نزمە، بەکارهێنانی کەلوپەلی جوانکاری جۆرێك لە ناسکی و ناز بە ئافرەت دەبەخشێت کە ئافرەت بەو ناسکییە سەرنج ڕاکێش دەبێت، بەڵام ئەو ناسکییە بۆ پیاو جوان نییەو بۆیە بەلای منەوە کوڕ بەردەوام بە سادەیی و کەسایەتییەکی بەرزی پیاوانەوە جوانە، نەوەك بەکارهێنانی ژنان، ئەو کچە دەڵێت(( ئەو کوڕانەی لەو جۆرەن بە هەرزەکاری تازە پێگەیشتویان دەبینم، بۆیە من وەکو خۆم کەسێکم پێ جوانە کە لە هەموو ڕوویەکەوە بەتەواوی پەروەردە بووبێت)).

**ئەمانە ستایلی ئەورووپین**

هەردی حەلاق لە سەرتاشخانەی شێوازێکی نوێ کاردەکات، باس لەجۆرەکانی ئەو سەردەمەی چاککردنی قژی کوڕان دەکات و دەڵێت: ئەو جۆرە ستایلانەی کە گەنجی ئێستا لە روخسارو قژیان بەکاری دەهێنن ئەوە شێوازی ئەورووپییە کە ئێمە جۆری ئەڵمانی و ئیتاڵی و سویدیمان هەیە کە گەنجێکی زۆر جۆری ئەڵمانی هەڵدەبژێرێت،کە بەشێکی دواوەی قژەکە درێژ دەکرێت و ئەوەی تری قژەکە بۆ سەرەوەو خوارەوە دادەهێنرێت، ئەو جۆرانە هەمووی نرخێکی گونجاوی هەیە، ئەو گەنجانەی ئەو جۆرە ستایلانە داوا دەکەن زۆربەیان لە نێوان تەمەنی ١٣ ساڵان تاوەکو ٢٥ساڵانن هەروەها سپی کردنی روخسار و مەساجیشمان هەیە کە بۆ پاك کردنەوە و جوانی پێست گرینگە..

**نابێت پیاو لاسایی ئافرەت بکاتەوە**

مامۆستای شارەزا لە ئایین مەلا کاوە فارس دەڵێت: لە ئاینی ئیسلامدا نەهی کراوە لەوانەی کە کوڕن و خۆیان بە کچ دەچووێنن چونکە پێغەمبەر (د.غ) لێبێت دەفەرمووێت (لعن الله المتشبهين من الرجال بالنسا، والمتشبهات من النسا بالرجال) واتە نابێت بەهیچ جۆرێك نەپیاو نەژن لاسایی یەکتر بکەنەوە بەڵام خۆ هەر لە کۆنەوە قژ درێژ کردن هەبووەو حەرام نەبووە بەس ئەوەی ئەو سەردەمەی ئەمڕۆ لاسایی کردنەوەی ئەورووپییە هەروەها برۆ کردن کە بۆ ئافرەتان حەرام کراوە جا بۆ پیاوانیش هەر بەهەمان شێوە.





# چۆن هاوسەرەکەت بەختەوەر دەکەیت؟

توێژەران و پسپۆڕانی ئەمریکی بەسەرپەرشتی (د. لۆدویگ لۆنستین/پرۆفیسۆری سایکۆلۆژیای پەروەردە لە واشنتۆن) لەدوای راپرسییەك کە لەسەر ٤٠٠٠ خێزان ئەنجامیاندابوو، دەرکەوت کە تەنیا ٣٥٪ ی ئەو خێزان و هاوسەرانە بەختەوەرن و پلەی ئاسوودەییان دەگاتە ٧٥٪ چونکە زۆرینەی ئەوان لەژیانی رۆژانەیاندا ئەم خشتەیەی خوارەوەیان پیادەکردبوو، بۆیە ئەو تیمە پسپۆڕە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەکەی کە کلیل و ڕەچەتەی هاوسەرانی بەختەوەر بەکورتی بریتیین لەم خاڵانەی خوارەوە:

- رۆژی دووجار وتنی وشەی ( خۆشمدەوێیت) لەهەردوو لایەنەوە هاوسەران دڵخۆشدەکات، ئینیتیمان بۆ یەك زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی سۆزو خۆشەویستی.

-هیچ نەبێت ڕۆژی دووجار ئاوێزان و باوەش بەیەکداکردنی هاوسەران کە ببێتەهۆی بەریەککەوتن و دەستلێدانیان (اللمس) زۆر گرنگەو پێوەندی شەحندەکاتەوە.

-یارمەتیدانی مێرد بۆ ژنەکەی بەختەوەری و ئاسوودەیی ماڵ زیاتر دەکات.

- لەجیاتی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن (کە بێدەنگی دروستدەکات) مانگی چوارجار هاوسەران لەبەر تیشکی مۆم و مۆسیقای هێمندا دابنیشن و لە کەشی رۆمانسیدا قسەبکەن، بواری دیالۆگی هێمن دروست دەبێت و ئارامی نێوان هاوسەران مەیسەردەکات.

- هاوسەران بەدووقۆڵی بچنە پارك و شوێنی هێمن، هیچ نەبێت مانگی دووجار.

-مانگی دوو- سێ جار شیوی ئێوارە لەدەرەوەی ماڵ بخورێت.

-چوون بۆ یاریگا یان سینەما یان شانۆ هیچ نەبێت مانگی جارێك.

-پێشکەشکردنی دیاری سووکەڵە (مانگی جارێك) دیاری گرانبەهاش ساڵی دووجار.

-گەشت و سەیران و سەفەر بۆ شوێنی دوور، ساڵی ١-٢ جار زۆر گرنگە.

**ئا: ئاشتی عبدولا**

# ڕەخنەی ژن لە مێردەکەی

لەکاتی پرۆسەی سێکسیدا پێوەندی هەردوولاء بارودۆخی فیزیۆلۆژی لەسەر هەردوو ڕەگەز جیاوازییەکی ئەوتۆیان هەیە. بۆ نموونە پرۆسەی سێکسی پیاو دەبێتەهۆی ئەوەی لە لەشییەوە هۆرمۆنگەلێك ئازاد بێتء ئەویش دەبێتەهۆی ئەوەی زوو بخەوێ، بەپێچەوانەوە کاری سێکسی لەسەر ژن سەرهەڵدەداو ڕۆڵی وروژاندن دەست پێدەکات، ساتە هەستیارییەکانی بەهێواشی ء لەسەرخۆ کۆتاییان پێدێت، ئەمیش نابێتەهۆی ئەوەی بەتەواوی پیاو ژنەکەی بەجێبێڵێتء فەرامۆشی بکات. بڕێك لەپیاوان بەهۆی ڕەوشی رۆحییء دەروونییەوە خۆیان دەشارنەوە کە دۆستایەتیء نزیکایەتی دوای ئەوینداریکردن دەیانترسێنێ بەجۆرێك دڵنەوایی پشتگوێ دەخەن ئەمجۆرە خۆشاردنەوەیە چاوشارکێیانە رۆڵێکە بۆ ئەوان مەبەستی پشتگیریء داکۆییە لەخۆیان و فەرامۆشییەکەیان. هەندێکیتر لەپیاوان هەستدەکەن کارەکەیان تەواوکردووەء دەبێ یەکسەر بۆ لای کارێکیتر بڕۆن.

لەدوا سەرەدا هۆبەی ئەوین بەجێدێڵن، بە هەر بیانوویەك کە بۆیان ڕێبکەوێت. هەرچەند لەبواری فیزیکیء جەستەییء رۆحییەوە ژن بەجێدێڵن و خۆیان دەشارنەوەو دەرفەتی هەرە گرنگیان لەدەستدەچێء بەفیڕۆی دەدەن بەمەبەستی ئەزموونی پانتاییەکی قووڵتر لەئەوین، دۆستایەتیء نزیکایەتی لەگەڵ بەرامبەرەکەیاندا لەدەستدەدەنء خۆیانی لێدەشارنەوە. بۆیە ژنانێك هەن و بەمجۆرە گلەیی لەمێردەکانیان دەکەن و دەڵێن: »ئەمجۆرە ساتانە ئێمەی ژن ئەوەندە بیانووگرء چاولەدەست نین بەڵام حەزدەکەین بۆ ماوەی چەند خولەکێکیش بێت لەباوەشمان بگرنء ماچمان بکەن، بابڵێین خۆشیمان لێیبینی. تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی کەمیش مابێت بۆ خەوتن، ئاگادارمان بکەن و بڵێن: خۆشەویستم ئەوا من دەخەوم خەوێکی خۆشت بۆ دەخوازم، سوپاستدەکەم، خۆشمدەوێیت، شەوت شاد.

**ئا: محەمەد ئەحمەد**

